# شیكردنەوەی كردەقسەییەكانی (ژمارە) لەئاخاوتنی قسەپێكەرانی زمانی كوردیدا

پ.ی.د. نەوزاد ئەنوەر عومەر — زانكۆی كۆیە
پ.ی.د .شیروان حسین حمد — بە زانكۆی ڕاپەڕین

الملخص
هذا البحث المعنون ب(تحليل الفعل الكلامي ((العدد)) في تعبير المتكلمين باللغة الكوردية). إن الكلمات عدا الدلالات المعجمية في اللغة لها دلالات براغماتية عندما تكون مرتبطة بالبيئة أو تستعمل في بيئة خاصة، وفي حال الاتصال بالآخر وبصرف النظر عن السبب، المتكلم يلجأ الى الدلالة البراغماتية ويقصدها. وإحدى هذة الكلمات هي الأعداد، عدا الدلالات العددية تؤدي دلالات براغماتية في أثناء الكلام.
وإن المتكلم الكوردى لكي يملأ هذه الفجوات الدلالية يلجأ الى الدلالة البراغماتية في التعبير، فبواسطة الكلمات العددية يؤدى الدلالة المقصودة. في هذا البحث حاول الدارس تحديد الدلالات المرتبطة بنظرية الفعل الكلامي وتحليلها، وتحتوى الدراسة على مبحثين ونتائج، المبحث الأول يتعلق بالتنظير، ويتحدث عن نظريات الفعل الكلامي، وقام الباحث بتحليل مبادئ النظرية وأسسها، والمبحث الثاني يتعلق بالتطبيق والتحليل للأعداد في الكلام اليومي للمتكلم الكوردي وتحديد الدلالة البراغماتية.

## پێشەكی

ئەم لێكۆڵینەوەیە لە ئاستی پراگماتیكدایە، بەناونیشانی (شیكردنەوەی كردە قسەییەكانی (ژمارە) لەئاخاوتنی قسەپێكەرانی زمانی كوردیدا). هەوڵێكە بۆ ئاشكراكردنی لایەنێكی واتایی بەشە ئاخاوتنی ژمارە، گرینگییەكەی لەوەدایە كە ژمارە وەكو بەشە ئاخاوتنێك جگە لەواتا بەرجەستەو هەستپێكراوەكەی لەئاخاوتندا زۆر واتای تریش دەگەیەنێت، ئەمەش وادەكات كەلێنێكی واتایی لەزمانەكەدا پڕبكاتەوە، ئەگینا دەبێت بۆگەیاندنی ئەو واتایانە چەندین وشەی تر بەكاربهێنین. هەروەها یارمەتیمان دەدات لەدەستنیشانكردنی واتای مەبەست لەكاتی قسەكردندا، هەروەها بۆڕازاندنەوەی گوتنەكان و گەیاندنی هێزی ڕەوانبێژی وشە لەكاتی پەیوەندیكردن و ئاسانی لێكتێگەیشتن. ئەمە جگە لەوەی كە مەدلولی ژمارە بەبەراورد بە هەمو بەشە ئاخاوتنەكانی تر جێگیترو نەگۆڕترە، بەڵام لەبەكارهێنانە پراگماتیكییەكان ئەم جێگیرییەش لای قسەپێكەرانی زمان و بەتایبەت زمانی كوردی وەك خۆی نامێنێتەوەو واتای تری لێ باردەكەن. كەرەستەی توێژینەوەكەمان نمونەی قسەپێكەرانی زمانی كوردی دیالێكتی كرمانجی ناوەڕاستە. ڕێبازی توێژینەوەكەشمان ڕێبازی وەسفی شیكارییە. بەگشتی توێژینەوەكەمان جگە لە پێشەكی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەكان دابەش كردوە بۆ دو بەش: لەبەشی یەكەمدا، كە بەشێكی تیۆرییە، بنەماو تیۆری توێژینەوەكە خراوەتەڕو، هەریەک لە بابەتەكانی ژمارە و بەكارهێنانە زمانییەكانی، وەک كەتیگۆرییەكی زمانی و كردەقسییەكان وەک بوارێكی پراگماتیک باسیان لێوەكراوە. لەگەڵ ئاماژەدان بە جۆرو تایبەتمەندی كردە قسەییەكان. هەر لەم بەشەدا ئاماژە بە هێزی ڕەوانبێژی وشە كراوە. لە بەشی دوەمدا پراكتیک وشیكردنەوەی كردە قسەییەكانی بەشە ئاخاوتنی ژمارە بەنمونەی زمانی كوردی خراوەتە بەر تیشكی لێكدانەوە. لە كۆتاییشدا گرنگترین ئەنجامەكان خراونەتەڕو.

**كلیلە وشە: ژمارە، واتای پراگماتیكی، كردەی مەبەست، هەڵەی وەسفی، هێزی ڕەوانبێژی وشە، مەرجەكانی گونجان.**

## ١-١: ژمارە و بەكارهێنانە زمانییەكانی

یەكێك لە خاڵە هاوبەشەكانی نێوان زمانەكان بونی ژمارەیە. ئەم هاوبەشییە دەگەڕێتەوە بۆ گرینگی ئەم جۆرەی وشە لەزماندا، كە توانای پۆلێن و جیاكردنەوە و هەژماركردنی كەرەستەكانی دەوروبەری، ئەوەی لێ دەخوازێت چەشنە وشانە بەكاربهێنێت. هەرچەندە مێژوی ژمارەو بەكارهێنانی كاریگەری لەسەر ئاست و بەكارهێنانی ژمارە نییە، بەڵام زانینی مێژوەكەی گرینگی و لە مێژینەیی ئەم بەشە ئاخاوتنەمان پیشان دەدات. (تەمەنی ژمارەكانی زمان، بەشێوەیەكی ورد شیاوی پێشبینی كردن نییە، ناتوانین دیاری بكەین كە لە چ سەردەمانێكدا، وشەكانی ژمارە پەیدابون و هاتونەتە ناو زمانەوە. بەڵام دەتوانین ئەوە بڵێین كە ئەو سەردەمانە بەلانی كەمەوە بۆ هەزار ساڵ پێش پەیدابونی نوسین دەگەڕێنەوە و لە هەمو شارستانییەتە كۆنەكاندا ژمارە بونی هەبوە. بەڵام فۆرمەكەیان بەجێگری و نەگۆڕی نەماوەتەوە و گۆڕانی بەسەردا هاتوە بەپێی سەردەمەكان.) (مجتبی نامور فرگی و شیما ابیراهیمی١٣٩١: ٨٢٦) بەم پێیە ئەم جۆرە وشانە بۆ گەیاندنی چەمكی ژمارە بەكارهێنراون و بون بە بەشێک لە فەرهەنگی هەر زمانێک. ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەم چەمكە (ژمارە) هەر تەنها لەڕێگەی ئەم وشانەوە نەگەیەنراوە كە پێیان دەوترێت ژمارە، بەڵكو هەندێ كەرەستەی تریش ئەم چەمكەیان گەیاندوە

بەتایبەت چەمکی تاک و کۆ وەک مۆرفیمە بەندەکانی (-ێک، -ەکە، ان) لەزمانی کوردیدا. بۆیە (نابێت هەر وشەیەک واتای ژمارەی تێدابێت، یان پلەی ژمارە ڕابگەیەنێت بەژمارە لەقەڵەم بدرێت.) (سالم حەسەن عەزیز و ئاریان صدیق عەزیز٢٠١٩: ٢٢٧)

دیاریکردن و جێکردنەوەی ژمارە لە ناوبەشە ئاخاوتنەکاندا، هەر لەسەرەتای پۆلێنبەندییەکانی وشەوە جێگەی مشتومڕو ڕای جیاواز بوە. لای هەندێک لە زمانەوانان بە بەشە ئاخاوتنی سەربەخۆ و هەندێکیان لەگەڵ ئاوڵناو و هەندێکی تریشیان لەگەڵ ناودا دایانناوە. (بڕوانە: بابا ڕەسوڵ٢٠١٢: ٦٤-٦٥). بەڵام بەشەئاخاوتنی ژمارە ئەو کۆمەڵە وشەیەیە، کەوا ئەرکی تەجریدی ناوی ژمارە (دو، سێ، پێنچ) دەگەیەنێت. یان چەندییەتی بەسەریەکەوە (هەشت کراس)، یاخود کەرتێکی شتی دیاریکراوی هاوڕەگەز (سێ یەکی گەنمەکە) نیشاندەدات، یان پلەی شتێک لەریزدا (نهۆمی سێیەم) دیاریدەکات. (ئەورەحمانی حاجی مارف٢٠٠١: ٥٤). بەم پێیە ئەم جۆرە لە وشە ژمارە یان ڕیزبەندی یان بەشێکی، ژمێردراوێک پیشان دەدات. (خسرو فرشیدورد١٣٨٢: ٣١٤) هەر لەسەر ئەم بنەمایەش ژمارە دابەشکراوە بۆ بنجی، ڕێکخستن و کەرتی.

ژمارە لە بەکارهێنانیدا هەمیشە پێویستی، بە ژمێردراو هەیە، واتە هەرکات ژمارە هات، ئەوە ژمێردراویشی لەگەڵدا دەبێت، جا چ ئەو ژمێردراوە لە ئاستی ڕوکەشدا هاتبێت، یان لە ئاستی قوڵدا مابێتەوە،(بڕوانە: ارسلان گلفام١٣٨٩: ٨١) وەکو:

- سێ پێشمەرگە بریندار بون. (ئاستی ڕوکەش)
- سێ برینداربون. (ئاستی قوڵ)

لەم نمونەیەی سەرەوەدا لە ئاستی ڕوکەشدا ژمارەو ژمێردراو دەرکەوتون، بەڵام لەئاستی قوڵدا تەنها ژمارەکە دەردەکەوێت، دەشێ ژمێردراوەکە لابرێت.

جگە لەژمێردراوە، ژمارە جیاکەرەوەشی هەیە، کە هەمیشە ئەویش لەگەڵ ژمارەدا دێت، کە بەم شێوەیە پێناسە دەکرێت، (مۆرفیمێکە کە لەگەڵ ژمارەدا دێت ژمێردارو لەهەمبەر توانای ژماردن یان توانای ئەندازەوەرگرتن پیشان دەدات. لەڕوی ڕۆنانەوە دەشێ وشەیەک یان گیرەکێک یان مۆرفیمێک زیاتربێت.)(اعظم استاجی١٣٨٨: ٩٤) جیاکەرەوکانی ژمارە لە زمانی کوردیدا بەزۆری وشەن و لە پۆلی ناودا جێدەگرن.

یەک نەفەر کەباب
یەک دانە گوڵ
دو سەر بزن
دو مەتر قوماش
یەک تەنەکە گەنم ............

لەبەرئەوەی ژمارە گرینگییەکی ڕاستەوخۆ و کاریگەری بەژیانی ڕۆژانەی ئادەمیزادەوە هەیە و سەرچاوەو بونی هەمو شتێکە، بۆیە فیساگۆرسییەکان باوەڕیان وابو ژمارە بۆ دۆزینەوەی نهێنییەکانی سروشت یارمەتیان دەدات، بەبۆچونی ئەوان هەمو شتێک لەم جیهانە لەژمارە پێکهاتوە. (حمید عەزیز٢٠٠٥: ١١١). بەم پێیە ژمارە پەیوەندییەکی تۆکمە و بەهێزی بە هزر و فەلسەفەوە هەیە. هەرچەندە دەگوترێت کە ژمارە کەتیگۆرییەکە تایبەتمەندە بە بیرکارییەوە، بەڵام سەرباری بیرکاری پەیوەندی بە هەمو زانستەکانی تریشەوە هەیە. لە نێویشیاندا زمانناسی. نەک هەر ئەمە بەڵکو دەوترێت (ڕەچەڵەکی ژمارە و ژمارەناسی دەگەڕێتەوە بۆ میتافیزیک و بیرو باوەڕو ئاینە کۆنەکان، بەجۆرێک کە تێکەڵ بە کلتور و بیروباوەڕو فەلسەفە و بیرکردنەوە جیاوازەکان بوە.) (آسیە ذبیح نیاعمران، فریبا قیومی زادە١٣٩٦: ٢٥) هەر ئەم بەکارهێنانە جیاوازانە و تێکەڵاوبونەی بە هەریەک لەم کایەو بوارانە وای کردوە کە تەنها هەڵگری واتا فەرهەنگییەکەی نەبێت، بەڵکو سەرباری ئەوەش واتای پراگماتیکی و بارکراویشی هەبێت.

بەشێوەیەکی گشتی ژمارە پەیوەندی بەهەمو زانستەکانی ترەوە هەیە، خوێندەوار نەخوێندەوار بچوک و گەورە نێرو مێ...هتد. هەمویان بەپێی بوارەکانی خۆیان سود لەژمارە وەردەگرن. (ف.ئینگلیس) دەڵێت: (مەفهومی ژمارەو تەنەکان لەشوێنێکی نادیارەوە وەرنەگیراون، بەڵکو لەواقعی دەوروبەرەوە هاتوە). (ئەوڕەحمانی حاجی مارف٢٠٠١: ٦١). و دواتر تێکەڵ بەڕەهەندە جیاوازەکانی ژیان بوە. هەر ئەمەش وای کردوە کە هەندێک لە ژمارەکان پیرۆزبن و بەکارهێنانی زیاتریان لە کتێبە ئاسمانی و ئەفسانەو بەرهەمە هزرییەکانی مرۆڤدا هەبێت، بەنمونە ژمارە تاکەکان بەگرنگتر و پیرۆزتر وەرگیراون، لە ژمارە جوتەکان. لەناو ژمارە تاکەکانیش ژمارە یەک و سێ و حەوت، پیرۆزترن لە ژمارەکانی تر. (بڕوانە: آسیە ذبیح نیاعمران، فریبا قیومی زادە١٣٩٦: ٣٢) ئێمە لێرەدا ئەم لێکدانەوە واتاییە جیاوازانەی ژمارە لە زمانی کوردیدا شیدەکەینەوە، کە لە گوتن تەنانەت لە نوسینیشدا ڕەنگی داوەتەوە.

ڕەهەندێکی تری بەکارهێنانی ژمارە، لایەنە مێژویی و جێگریەتی ئەم بەشە ئاخاوتنەیە، بەبەراورد بە بەشەکانی تری ئاخاوتن. بەجۆرێک دەوترێت، (تەمەنی وشەکانی ژمارە لە زماندا، بەشێوەیەکی ورد ناتوانرێت دیاریبکرێت، بەڵام سەرەڕای ئەوەش دەکرێت بڵێین مێژوەکەی بۆ هەزاران ساڵ پێش پەیدابونی نوسین دەگەڕێتەوە، لە هەمو شارستانیەتە

كۆنەکاندا بەکارهاتوە. پێداویستییەکی سەرەکی بوە.)(مجتبی نامور فرگی، شیما ابراهیمی١٣٩١: ٨٢٧) سەرباری ئەم مێژوە دورو درێژەیش ئەم کەتیگۆرییە وەک فۆرم پێکهاتە کەمتر گۆڕانی بەسەردا دێت، بەڵام لە ڕوی واتاییەوە بەشێکی زۆریان فراوانبونی واتاییان بەسەرداهاتوە، بەپێی بەکارهێنانە جیاوازەکانی دەوروبەر.

ئەم پۆلەی وشە وەک ڕێگەیەکیش بۆ فراوانی واتایی لەڕێگەی داڕشتنی وشەی نوێ بەکاردێت. قسەپێکەرانی زمان زۆر وشەیان لەڕێگەی ژمارەوە ڕۆناوە، کە پێیان دەوترێت وشەژمارە. کە (مەبەست لێیان ئەو وشانەن کە بەیارمەتی ژمارەیەک دروستکراون و یان دروست دەکرێن.) (شهرام دوکوهکی١٣٨١: ٥٤) بە نمونە:

چلە، حەفتانە، سێ ڕۆژە، دوانە، نۆمینە، سێزدەبەدەر........

بەمپێیە یەکێک لە ڕێگاکانی فراوانبونی فەرهەنگی بەکارهێنانەوەی ژمارەیە لە ڕۆنانی وشەی نوێدا، کە بەپێی سروشتی ئەو وشانەی دروست دەکرێن چەمکەکانیان دەردەکەوێت، کە دیارترینیان چەمکی کاتە.

بۆیە ژمارە جگەلەوەی کە وەک وشەیەکی زمانە سەربەخۆ بەکاردێت، بەڵام دەتوانێت بەشداری لە دروستکردنی وشەی تریشدا بکات. سەرەڕای ئەوەش هەر ئەم وشەیە دەتوانێت (سەرباری بەکارهێنانە بنەڕەتی و ئاساییەکانی خۆی، بۆ داهێنان و دروستکردنی وێنەی شیعری و ڕازاندنەوەکانی وتن و دەربڕینی چەمکە ئاینی و عیرفانییەکانیش بەکاربێت.)(محمود صادق زادە١٣٩٢: ٢٢٧) بەمپێیەش ژمارە وەک هێزێکی ڕەوانبێژی دەردەکەوێت، لەوە دەترازێت کە هەر تەنها ژمارەبێت و بەس. بەڵکو واتاو مەبەستی تری پێدەگەیەنرێت.

لەڕوانگەی واتاییەوە دەشێ سێ جۆری واتای ژمارە دیاریبکەین، ئەوانیش یەکەمیان واتای فەرهەنگی ژمارە، کە مەبەست لێی ئەو واتایەیە کە ژمارەکە لە فەرهەنگدا هەیەتی بۆ دیاریکردنی چەندایەتی. دوەمیان واتای مەبەست یان خوازراوی ژمارەیە، کە مەبەست لێی ئەو واتاییە کە ژمارە لەگەڵ وشەی تردا دەیگەیەنێت. جۆری سێیەمیان واتای لاوەکی ژمارەیە، کە لەبەکارهێنان و پراگماتیکدا وەری دەگرێت.

**٢/١ کردەقسەییەکان**

(جیرار دولودال) دەربارەی کردەقسەییەکان دەڵێت: (هیچ پەیوەندییەکی زمانی لەکردەی گەیاندندا بەبێ بونی مەبەست لەڕێگەی ئاماژەکانەوە نابێت، واتە کردەقسەییەکان پێچەوانەی گشت چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان دەبێتەوە، کە کردەکان بەڕاست و هەڵە وەسفی دەکەن). (خلدون قدور٢٠١٥: ١١).

بۆ دیاریکردنی پێڕەوی لێکتێگەیشتن لەزماندا پێویستە، لەبەکارهێنانی زمان بکۆڵینەوە وەک فۆرمێکی لێکنەترازاو(Levenson ١٩٨٣:٥).

تاماوەیەکی زۆر واباوبو، کە جیاوازییەکی زۆر لەنێوان (قسەکردن) و کارئەنجامداندا هەیە، بەڵام لەشەستەکانی سەدەی بیستدا فەیلەسوفی بەریتانی (ج.ل.ئۆستن) قسەکردنی بەئەنجامدانی کارێک دانا، واتە جیاوازی قسەکردن و کارئەنجامدانی هەڵوەشاندەوە. پوختەی تیۆرەکە بەمجۆرەیە ((ئەگەر لەواتای هەر گوتنێک وردببینەوە، کە قسەکەر بەکاریدەهێنێت، دەتوانین لەدو ڕوانگەی جیاوازی واتاییەوە سەیری بکەین، کە دو واتای جیاواز ببەخشێت، ئەویش واتای (دەرەوە) یان گشتی و واتای (ناوەوە) یان شاراوە، کە بریتییە لە ڕاپەڕاندنی کارێک)). (قمیس کاکل تۆفیق١٩٩٥: ٣٩). کورتەی تیۆرەکەی ئۆستن بریتییە لەسەلماندنی ئەوەی (هەمو گوتنێک کردنی کارێکە)، ئەم تیۆرە زمان بەوە دادەنێت، کە کردەی جیاواز لەیەک کاتدا ئەنجام دەدات، کاتێک کە قسەکەر قسەدەکات یەکێک لەم کردانە ئەنجام دەدات، یان هەواڵگەیاندن لەبارەی شتێک یان فەرماندانە یان نەهیکردنە یان پەیماندانە یان سوپاسکردنە...هتد.

ئۆستن ئەوەی دۆزییەوە، کەوا هەندێک ڕستەی دانانی کرداری دانانی تێدانییە، لەمەوە گەیشتە ئەوەی کە هەر ڕستەیەکی تەواو و بەکارهاتو بەلای کەمەوە کارێکی زمانی ئەنجامداوە. لەسەر ئەم بنەمایە سێ جۆر کردەی زمانی دیاریکرد، کە بریتین لە:

١-کردەی (گوتن) واتای فۆرمی(Locutionary act): کردەی گۆکردن دەگرێتەوە، کە لێکدانی وشەکانە بەشێوەیەکی ڕێزمانی دیاریکردنی هاوبەشەکان و شێوەی گەڕاندنەوەی جێناوەکان، دەبێت چەند مەرجێکی تێدابێت.

أ- قسەکەرو گوێگر بەیەک زمان قسەبکەن، یان ئەو زمانەی قسەکەر بەکاریدەهێنێت، بەلانی کەم گوێگر تێی بگات.

ب- واتای وشەکان و واتای ڕۆنانی ڕێزمانی دەبێت لەلایەن قسەکەر و گوێگر ئاشکرا بێت.

٢- کردەی مەبەست، واتای نافۆرمی (illocutionary act): کاتێک کە قسەکە دەکەین واتاکەی لەناو قسەکەدا دەدۆزینەوە، گوێگر دەتوانێت کردەوەکە جیابکاتەوەو لەمەبەستی قسەکەر تێبگات.

٣- کردەی کاریگەربون بەقسە، (perlocutionary act): ئەو کاریگەرییە دەگرێتەوە، کە کار لەوەرگر دەکات، کاردانەوەی گوێگرە بەرامبەر بەقۆناغی دوەم، ئەم قۆناغە لەژێردەسەڵاتی قسەکەردا نییە، قسەکەر ناتوانیت پێشبینی بکات یان بڕیاری لەسەربدات.

**١- ٢-١: تایبەتمەندێتیەکانی کردەقسەییەکان**
کردە قسەییەکان کۆمەڵێک تایبەتمەندی لەخۆدەگرن، کە گرنگترین ئەمانەن:
١- کردەقسەییەکان کردەیەکی زمانی و گوتەییە: واتە کردەیەک ڕادەپەڕێندرێت، یان وەک چالاکییەک هەوڵی گۆڕینی لۆژیک دەدات.
٢- کردەیەکی سیاقییە: بەشێوەیەکی گشتی درکپێکردن و زانینی مەبەستەکان دەوەستێتە سەر چۆنییەتی گونجانی قسەکەر لەگەڵ دەوروبەر و چۆنیەتی بەئاگابونی وەرگر، واتە هیچ کردەیەک ناتوانرێت بەبێ دەوروبەر ئەنجام بدرێت.
٣- کردەیەکی ئاڕاستەکردنە بەرەو وەرگر: واتە بەبونی جۆرە هاوکاری و پەیوەندییەک لەنێوان نێرەرو وەرگر، کە ئەو پەیوەندیەش لەسەر بنەمای تێگەیشتنەوە ئەنجام دەدرێت، ئەومەرجانەش لەلای ئۆستن لەگفتوگۆدا بەمەرجی سەرکەوتن دانراون. (پەروین ٢٠١٩: ١٩).

**١-٢- ٢: پۆلێنکردنی کردەقسەییەکان**
هەمو گوتنێکی کاریگەر یان سەرکەوتو، جگەلەوە واتا سیمانتیکییەی هێزێکی ڕەوانبێژیشی هەیە، ئەو هێزەیە کە لەگوێگری دەگەیەنێت، ئەو گوتنە دەبێت چۆن لێکبدرێتەوە. (ئۆستن) دو جۆر گوتن یان کار جیادەکاتەوە:
**١- کاری ڕاپەڕاندن:** هەمو ئەو کارانە دەگرێتەوە، کە بەکارهێنانیان لەلایەن قسەکەر دەبێتە هۆی ئەنجامدانی کردەوەیەک، واتە گوتنەکە ڕاستەوخۆ ئەنجامدانی کردەوەکەیە و کاری ڕاپەڕاندنی تێدا بەکاردەهێندرێت. ئەمەش دەبێتە دو جۆر:
أ- ڕاپەڕاندنی ئاشکرا: هەمو ئەو گوتنانە دەگرێتەوە، کە کاری ڕاپەڕاندنیان تێدایە، وەک پیرۆزبایی و سوێندخواردن نەفرەتکردن...هتد. هەروەها دەبێت بکەر کەسی یەکەم بێت و کاتەکەشی ئێستایی بێت.
ب- ڕاپەڕاندنی نائاشکرا (شاراوە): ئەم جۆرە گوتنە واتای ڕاپەڕاندن بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ناگەیەنێت، واتای ڕاپەڕاندنەکە لەناو هیچ یەکێک لەپارچەکانی ڕستەدا بەرچاوناکەوێت و بەشێوەی شاراوە ئەنجامدەدرێت، ئەمجۆرە گوتنانە مەبەستە شاراوەکەیان بریتییە لەڕاپەڕاندنی کردەوەیەک. (قەیس کاکل توفیق١٩٩٥: ٤٦).
**٢- کرداری ناڕاپەڕاندن:** ئەو کردەیەیە، کە هیچ هەواڵێک ناگەیەنێت، چونکە قسەکەر لەکاتی گوتندا ڕاستەوخۆ کردەکە ڕاناپەڕێنێت، جگە لەکاری ڕاپەڕاندن هەمو کارەکانی تر دەگرێتەوە، یاخود یەکێک لە سێ مەرجەکەی کاری ڕاپەڕاندنی تێدا نەبێت. ئەو جۆرە کردانە دەگرێتەوە، کە قسەکەر لەکاتی دەربڕیندا جەختدەکاتە سەر بۆتەی ڕێزمانی و بەکارهێنانی ئاوازە، چونکە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ مەبەستی کردەکە بەگوێگر ناگات، هەروەها ئەو کردانە ناکرێت ڕاست یان هەڵەبن، بەڵکو نیشاندانی کردەوەیەکە بۆ زیاتر ئەنجامدانی کردەیەک لەوەی وتن بێت (Adrian,Richard,Annk ١٩٩٥:٣٧٤).
کردەقسەییەکان بەشێوەیەکی تریش دابەش دەکرێن، بەم جۆرەی خوارەوە:
١- کردەی قسەیی ڕاستەوخۆ: لەم جۆرەدا مەبەستی قسەکەر بەئاشکرایی دیارە، ئینجا یان بەرێگای ڕستەی هەواڵگەیاندن یان پرس یان فەرمانی بێت. بەواتەیەکی تر لەم جۆرە کردەقسەییەدا بەشێوەی ڕستەکە مەبەستی قسەکەر دیاردەبێت، واتە ئەگەر جۆرەکەو کردە قسەییەکە ڕێککەوتنیان هەبو پێیدەڵێن ڕاستەوخۆ. (محمد معروف فتاح٢٠١١: ٢١١).
٢- کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ: ئەو بارانە دەگرێتەوە، کە مەبەستی قسەکەر بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەگاتە گوێگر، واتە جیاوازییەک لەنێوان جۆری ڕستەکەو کردەی قسەیی دێتەئاراوە. ئەم جۆرەی کردەی قسەیی زۆر بڵاوە. (سەرچاوەی پێشو: ٢١٢).
- بەکارهێنانەکانی کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ:
ا- کاتێک مەبەستەکان بەیەکدادەدەن، واتە دو مەبەست دژ یەک دەوەستن.
ب- بۆکەمکردنەوەی بەرپرسیاریەتی قسەکەر.
پ- بۆ وێڵ(احترام)نواندن.
ت- بۆ سود وەرگرتن لەم کاتانەی، کە کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ کاریگەرترە.

**١-٢ - ٣ مەرجەکانی گونجان**
قسەکەران کردەقسەییەکانیان هەمیشە بەڕاشکاوی دەرنابڕن و سەرنجی گوێگرەکانیان بەرەو هێزی مەبەستداری خۆیان لەهەر گوتەیەکدا دەبەن. (جۆرج یول٢٠١٦: ٨٧) زۆرجار کارەکانی ڕاپەڕاندن ئاماژەیان پێناکرێت، کردنی هەر قسەیەک دەبێت لە هەڵومەرجی ئاسایی و دیاریکراودا بەرهەم بێت، تاوەکو ببێتە خاوەنی ئەو هێزە مەبەستدارەی چاوەڕوان دەکرێت هەبێت.
١- مەرجە سەرەتاییەکان (گشتییەکان): ئەمانە ئەو ئامادەکاریانەن، کە پێش قسەکردن دەکرێن، هاوبەشەکانی ئاخاوتن پێیەوە پابەندن.

٢- مەرجە پیشەکییەکان (پێشنیازکراوەکان): ئەم مەرجە پابەندە بەسروشتی گوزارەکەوە، کە لە ئاخاوتنەکەدایە، کاتێک کە من بەڵێن دەدەم کارێک بکەم، دو مەرجی پێشەکی هەیە:
یەکەم: ڕوداوەکە بۆخۆی لە خۆوە ڕونادات.
دوەم: ڕوداوەکە کاریگەرییەکی سودمەندی دەبێت.
٣-مەرجەکانی ڕاستی(دڵسۆزی): قسەکەر بۆ هێنانەدی بەڵێنێک دەیهەوێت بەڕاستی ئەوکردەیە جێبەجێ بکات، واتە هەڵوێستی قسەکەرە بۆ ئەوەی لەهۆشیدایە. (Levinson١٩٨٣:٢٤٤).
٤- مەرجەکانی پێوستی: بەپێی ئەو مەرجە قسەکەر لەڕێگای کردەی گوتنی بەڵێنێکەوە، نیازم وایە پابەندییەک بۆ جێبەجێکردنی کردەی بەڵێنەکە بەدیبێنم، واتە ئەم گوتەیە بارەکە لەناپابەندییەوە دەگۆڕێت، گوتەکە دەبێت بناسرێتەوە بەتایبەتی لەکاتی واتای نافۆڕمی.

**١- :٣ جۆرەکانی کردەقسەییەکان لای ئۆستن و سیرێل**

کێشەکانی ئێستای تیۆری کردەقسەییەکان جیاکردنەوەو ناسین و پۆلێنکردنی جۆرەکانیەتی، ئەگەرچی کردەکان پۆلێنکراون، چونکە پۆلێنکردنی ئەوکردانەی بەپێی مەبەست کارێکی دروست نییە، لە پۆلێنکردنی کردەقسەییەکاندا ناتوانرێت ژمارەی کردەکان بەبنەماو پێوەرێکی ڕاست دابنرێت، چونکە ژمارەی کردەکان زۆر لەوە زیاترن، کە پۆلێنکراون. (قەیس کاکل تۆفیق١٩٩٥: ٥٣).
بەشێوەیەکی گشتی (ئۆستن) کردە قسەییەکان بۆ پێنچ (٥) جۆر پۆلێن دەکات:
١- کردەکانی ئاڕاستەکردن: بەو پۆلە لەکردەقسەییەکان دەوترێت، کە قسەکەر بەدەربڕینیان وادەکات ئەوی دیکە شتێک بکات، ئەو کردەقسەییانە ئەوە دەردەبڕن کە قسەکەر دەیهەوێت، فەرماندان دەستوەردان داواکردن پێشنیازکردن بەکاربێنن، ناوەڕۆکی کردەکەش بەپێی دەوروبەرە جیاوازەکان دەگۆڕێت، کە ((ئامۆژگاریکردن، تکاکردن، داواکردن، بانگکردن، ڕونکردنەوە، پێشنیازکردن، ئیزندان، ئاگادارکردنەوە، ڕاگەیاندن، هەڕەشە، پرسیارکردن، قەدەغەکردن... هتد.))دەگرێتەوە. (جۆرج یول٢٠١٦: ٩٤). لەمجۆرە کردەیەدا قسەکەر هەوڵدەدات جیهانی دەرەوە لەگەڵ وشەکان (لەڕێگای گوێگرەوە) بگونجێنێت.
٢- کردەی قسەیی پابەندبون: هەمو ئەو کردانە دەگرێتەوە، کەپەیوەندیان بە ((بەڵێندان، مەرجدانان، سوێندخواردن، پەشیمان بونەوە، پاڵپشتیکردن، نەزەرکردن...هتد.))وە هەیە (فرانسواز ارمنکو ١٩٨٦: ٩٢). قسەکەر دەتوانێت خۆی بەتەنیا یان وەک ئەندامێکی گروپەکەی ڕاپەڕێنێت.
٣- کردەی گفتوگۆ: بۆ ڕونکردنەوەی بیرێک یان بۆچونێک بەکاردەهێنرێت. ئەم جۆرەکردەیە لەپۆلێنەکەی ئۆستن بەبڵاوترین جۆری کردەی قسەیی دادەنرێت، چونکە قسەکەر لەڕێگەی ئەم کردانەوە پەنا بۆ ڕونکردنەوەی بۆچونەکان دەبات. (پەروین عوسمان٢٠١٩: ٣٧). ئەم کردانە دەگرێتەوە: (گوتن، ڕازیبون، بۆچون، وەڵامدانەوە، زانین...هتد.)
٤- کردەی ڕەفتار: هەمو ئەوکردانە دەگرێتەوە، کە لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا بەکاردەهێنرێن و ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکان دەنوێنن، کە تایبەتن بە هەڵسوکەوت و ڕەفتاری کەسێک لاکاتی قسەکردندا، سنوری بەکارهێنانیشیان لەهەمان دەوربەری کۆمەڵایەتی، دابونەریت و بەها کۆمەڵایەتییەکانەوە دەبێت (Austin١٩٦٢:٥٦). ئەم کردانە دەگرێتەوە: (سوپاسکردن، پیرۆزبایکردن، گلەیکردن، دەستخۆشیکردن، لێبوردن، بەخێرهاتنکردن، هیواخواستن...هتد.)
٥-کردەی بریاردان: ئەو کردانە دەگرێتەوە، تێیدا بریاردان لەسەر شتێک، کەسێک، دیاردەیەک، دەدرێت، لەم جۆرە کردانەدا پێویستە بریاربەدەست (بڕیاردەر)بێت و لەبواری کارەکەیدا لێهاتو و شارەزابێت. کردەی بڕیاردانیش ئەم کردانە دەگرێتەوە: (بڕیاردان، سازدان، ناونان، مەزەندەکردن، دامەزراندن، کردنەوە، هەڵسەنگاندن، جێبەجێکردن، پۆلێنکردن، دانپێدانان...هتد.)
-جۆرەکانی کردە قسەییەکان لای سیریل.
(سیرێل) لە پۆلێنکردنی کردەقسەییەکاندا پشتی بەم سێ(٣) بنەمایە بەستوە:
ا- مەبەستی ڕاپەڕاندنی کردەقسەییەکان.
ب- ئاڕاستەی هاوتابونی وشەکان بۆ دونیا (Words- to- world) یان لەدونیاوە بۆ وشە (World – to – word) یاخود نەبونی ئاڕاستە.
پ- مەرجی دڵسۆزی و ڕاستگۆیی لە ڕاپەڕاندنی کردەقسەییەکاندا. (پەروین عوسمان٢٠١٩: ٥٠).
١- کردەکانی نواندن: مەبەست لەبەکارهێنانی ئەم جۆرە کردانە ئەوەیە، کە بارێک بنوێنن جا بارەکە دروست بێت یان نادروست.
ا- بریتییە لە بەڵێندانی قسەکەر بۆ ئەوەی هەوڵدانەکە بەڕاستی بگەیەنێت.
ب- هاوتابونی وشەکانە بۆدنیا (Words –to – World).

پ- ئەو بارە دەرونییە، کە قسەکەر گوزارشتی لێدەکات، بریتییە لەباوەڕهێنان ئەویش بۆ دەرخستنی ڕاستی و هەڵە لەڕاپەڕاندنی کردەقسەییەکاندا.
٢- کردەکانی پەیوەستبون: مەبەست لەبەکارهێنانی ئەم کردانە بەستنەوەی قسەکەرە بەبەڵێنێک، کە لەئایندەدا جێبەجێی دەکات.
ا- پابەندبون و بەڵێندانی قسەکەرە، بۆئەوەی لەداهاتودا کارێک ئەنجام بدات.
ب- هاوتابونی وشەکانە لە دونیا بۆ وشەکان (World – to – word).
پ- مەبەستی قسەکەر لەئەنجامی کردەیەک لەکردەکانی ئەو پۆلە بەدەست دەهێنرێت. (Searle ١٩٧٥:١٠).
٣- کردەکانی ڕێنمایکردن: مەبەستی ڕەوانبێژی ئەم کارانە ئەوەیە، کە هەوڵن لەلایەن قسەکەرەوە بۆ ئەوەی گوێگر وا لێبکات کارێک یان ئیشێک ئەنجام بدات.(قەیس کاکل تۆفیق١٩٩٥: ٥٧)
ا- مەبەستی ئاشکراکردنی گوێگرە بۆئەوەی کارێک ڕاپەڕێنێت.
ب- هاوتابونی وشەکان لەدونیاوە بۆ وشە (World – to – word).
پ- قسەکەر کردەیەک ئاڕاستەی گوێگردەکات.
٤- کردەکانی ڕاگەیاندن: یەکێک لەسیما گرینگەکانی ئەم جۆرە کردانە لەوەدایە، کە هێنانەدی کردەکە ئەوە دەستەبەر دەکات، کە واتاو دونیای دەرەوە بەرامبەر دەوەستن، هێنانەدی ئەم کردانە پێویستی بەڕێکخراوی کۆمەڵایەتی هەیە.
ا- لەم جۆرەکردەیەدا دەبێت کردەکان مەرجی ڕاپەڕاندیان تێدا بێت و هەوڵدان بگەیەنن سەرکەوتنی ڕاپەڕاندنی کردەکەش لەرێگەی هاوتابونی ناوەڕۆکی بابەتەکەیە بەدونیای دەرەوە.(Searle ١٩٧٥:١٣).
ب- ئاڕاستەی هاوتابونەکە دولایەنەیە، (World – to – word) (Words –to – World).
پ- لەم کردەیەدا مەرجی دڵسۆزی پێویست نییە، تەنها باوەڕهێنان دەبێتە هۆی سەرکەوتن لە ڕاپەڕاندنی کردەکە.
٥- کردەکانی هەست دەربڕین: مەبەست لەبەکارهێنانی ئەم جۆرەکردانە دەربڕینی هەڵوێستێک یان هەستێک یان بارێکی دەرونییە، کە لە قسەکەردا پەنگی خواردۆتەوە لەبارەی یەکێکەوە یان بارێکەوە.
ا- گوزارشکردنە لە هەڵوێستێکی دەرونی، هەروەها مەرجی ڕاستگۆبون لەکردەکەدا بەدیدەکرێت.
ب- ئاڕاستەی هاوتابونەکە، بریتییە لە خانەی بەتاڵ، واتە ئاڕاستە لەنێوان دونیاو وشەدا نییە.
پ- ئەم مەرجە بەپێی جۆری دەربرینەکە دەگۆڕێت.
بەم پێیە تیۆری کردەقسەییەکان وەک بەشێک لە پراگماتیک جۆرو چەشنی جیاوازی هەیە، کە دەشێ هەریەکێکیان لە نێو گوتنەکاندا ڕەنگبداتەوە، ئەوەی کە ئێمە لەم توێژینەوەیەدا مەبەستمانە کردەکانی ئەو گوتنانە دیاریبکەین کە ژمارە، وەک بەشەئاخاوتنێک ڕۆڵی سەرەکییان تێدا دەبینێت.

**١-٤: هێزی ڕەوانبێژی وشە**

بەکارهێنانی هێزی ڕەوانبێژی، قسەی پرواتاو سەرسورهێنی ڕۆژانەی تاکە لەکۆمەڵگادا، زۆربەی تاکەکان هەستی پێناکەن. زۆرجار ئەو هێزە بەکاردەهێنرێت بۆ کاریگەری خستنەسەر گوێگر، بەدڵنیاییەوە بەکارهێنانی ئەو هێزە واتاو توانایی و لێهاتویی قسەکەرەکە دیاریدەکات. هەمو ئەو گوتنانەی کە ڕۆژانە ئەنجامدەدرێت واتای شاراوەو ئاشکرای هەیە، بێگومان واتا شاراوەکان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پەنجە بۆ واتای تر درێژدەکەن.(پەروەر عبدالرحمن٢٠١٣: ٩)
زمان بەردەوام لەڕوی ماناوە دولایەنەیە، واتە لەناوەڕۆکدا گوتەو ڕستەکان بەردەوام لەپاڵ مانای دیارو ئاشکرایاندا مانای نادیارو نائاشکرا لەخۆیان دەگرن و نا ڕاستەوخۆ ئاماژە بۆ مەسەلەی تر دەکەن. قسەکەر لەبارەی شتێکەوە قسەدەکات و بیرۆکەیەک دەردەبڕێت، بەبەکارهێنانی کۆمەڵێک ڕێساو نەریتی ڕەمزی زمانەکە بۆئەوەی لەگەڵ دەوروبەری زانیارییە هاوبەشەکان بمانسازێنێ، بەڵام لەم بارەدا قسەکەر تەنها قسەناکات، بەڵکو ئەو قسەکردنەی جۆرێک لە مەبەست یان کردەیەکی گەیاندنە. ئەوگوتەیەی قسەکەر بەکاریدەهێنێت،نەک نەک هەر ئاماژە، بەڵکو هێزێکی ڕەوانبێژی و مەبەستداریشی هەیە.
هێزی ڕەوانبێژی شێوەیەکی قسەکردنە جێگرەوەیەکە، بەکاردەهێنرێت وەکو بەشێک لەگشت، هەندێک لەزمانەوانان لەمیتافۆڕ و میتۆنیم و ئایرۆنی جیای ناکەنەوە، بەڵام ئەمانە دەچنە ناو قاڵبی خوازەی بەرەڵا. (Danial٢٠٠٧:٢٦٣).
هەندێک لە وشەکانی زمان سەرباری واتای خۆیان هێزی ڕەوانبێژیشیان هەیە، لەناو ئەم جۆرەی وشەشدا ژمارە یەکێکە لەوان. بەجۆرێک لە گوتنێکی وەکو (پیاوێکی چوارشانەیە.) ژمارەی (چوار) واتای فەرهەنگی خۆی لەدەست داوەو هێزێکی ڕەوانبێژی هەیە، واتە، وەکو ئەوە وایە چوار شانی هەبێت.

**بەشی دوەم**

**٢-١: لێکدانەوەی واتای پراگماتیکی هەندێ لەو ژمارانەی لەئاخاوتنی ڕۆژانەی قسەپێکەرانی زمانی کوردیدا.**

کاتێک قسەکەرو گوێگر گفتوگۆدەکەن، ئاسانترین باری لێکدانەوەی واتا لەوکاتەدا دەبێت، کە واتای پیتی ڕستەکان لەگەڵ واتا ڕەوانبێژیەکان جوتدەبن، واتە ئەو مەبەستەی دەیەوێت بەگوێگری بگەیەنێت بەئاشکرا لەناو ڕستەکەدا بەدەردەکەوێت. ئەمەش بەهۆی ئەو زانیارییە دنیاییەی کە پێشتر هەیانە. بەڵام هەمو بارێکی واتا وائاسان نییە. لە واتای خوازراو پلارو تەوس و تێل نیشان ...هتد. واتای گوتن و مەبەست لەیەکتری دەترازێن، باری وا هەیە قسەکەر قسەیەک دەکات، بەڵام مەبەستێکی تری هەیە. لێرەدا گوتنەکە دو هێزی هەڵگرتوە، ئەوەی گرینگە لێرەدا ئەوەیە قسەکەر چۆن دەتوانێت قسەیەک بکات و مەبەستێکی تری هەبێت، یان چۆن گوێگر دەتوانێت لەو مەبەستە زیادەی قسەکەر تێبگات، لەکاتێکدا کە گوتنەکە واتایەک و مەبەستێکی تری تێدایە. لەکردەی قسەیی ناڕاستەوخۆدا قسەکەر زانیارییەکی زیاتردەدات بە گوێگر، واتە زیاتر لەوەی کە لە وشەکاندا هەن. بۆگەیشتن بەو زانیارییە مەبەستانەی قسەکەر پشت بەتوانای هۆشکی و توانای لێکدانەوەی گوێگر دەبەسترێت. واتە لێکدانەوەی کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆ پێویستی تیۆری کردەی قسەییە لەگەڵ ئادابی قسەگۆڕینەوەدا.

**٢-٢: پراکتیزەو لێکدانەوەی نمونەکان**

**- یەک سعاتە ڕاوەستاوم.**

+ واتای سیمانتیکی ((یەک))، لەم گوتەی سەرەوە، واتای ژمارە(١) دەگەیەنێت.
+ واتای پراگماتیکی ((یەک))، لەم گوتەی سەرەوە، بریتییە لە دواکەوتنی گوێگر لەکاتی دیاریکراو، دەربڕینی گلەیی و نارەزایی و بەرامبەری.
+ کردەی قسەیی، کردەی مەبەست، سەرزەنشتکردن، گلەیی و ناڕەزایی، ئاگادارکردنەوە، زیادەڕەویی.

**- هەزار درۆی ئاوایکردوە.**

+ واتای سیمانتیکی ((هەزار))، لەم گوتەی سەرەوە، واتەی ژمارە(١٠٠٠) دەگەیەنێت.
+ واتای پراگماتیکی ((هەزار))، لەم گوتەی سەرەوە، بەواتای ڕادە(زۆر) دێت.
+ کردەی قسەیی، کردەی مەبەست، توانج لێدان، سوککردن، سەرزەنشتکردن، بێبایەخکردنی کەسی بەرامبەرە، زیادەڕەویی.

**- یەکەم جاری نییە.**

+ واتای سیمانتیکی ((یەکەم))، لەم گوتەی سەرەوە، واتەی دەربڕینی پلەی (تەرتیبی) دەگەیەنێت.
+ واتای پراگماتیکی ((یەکەم))، لەم گوتەی سەرەوە بە واتای دوبارەبونەوەی خویەکی خراپ دێت.
+ کردەی قسەیی، کردەی مەبەست، توانج لێدان، ئاگادارکردنەوە، هەڕەشە، دەگەینێت.

**- دە جارم زیاتر خوێندۆتەوە.**

+ واتای سیمانتیکی((دە))، لەم گوتەی سەرەوەدا واتای ژمارە (١٠) دەگەیەنێت.
+ واتای پراگماتیکی((دە))، لەم گوتەی سەرەوە دڵنیایی و جەختکردنەوەو تێگەیشتن و ڕادە (زۆر)دەگەیەنێت.
+ کردەی قسەیی، کردەی مەبەست، دڵنیاکردنەوەو جەخت و دوبارە ئاگادارکردنەوە، شارەزایی، دەگەیەنێت.

**- حەوت ڕوحە.**

+ واتای سیمانتیکی((حەوت))، لەم گوتەی سەرەوەدا واتای ژمارە (٧) دەگەیەنێت.
+ واتای پراگماتیکی((حەوت))، لەم گوتەی سەرەوە، واتەی بەهێز و وریاو چست وچالاک و بەئاگاو جەربەزە. دەگەیەنێت.
+ کردەی قسەیی، کردەی مەبەست، مەدح، ستایشکردن، پیاهەڵدان، وروژاندن، دەگەیەنێت.

**- سەد سوێند بەپولێک.**

+ واتای سیمانتیکی((سەد))، لەم گوتەی سەرەوەدا واتای ژمارە (١٠٠) دەگەیەنێت.
+ واتای پراگماتیکی((سەد))، لەم گوتەی سەرەوە، واتای درۆکردن و بەلارێدابردن و شاردنەوەی ڕاستی و خاوەن کەسایەتی نزم و دروستکردنی دوبەرەکی دەگەیەنێت.
+ کردەی قسەیی، کردەی مەبەست،/ نارەزایی دەربڕین و ئاگادارکردنەوەو هەستدەربڕین بەخراپی دەگەیەنێت.

**- لە تۆ هەزار ئەوەندە.**

+ واتای سیمانتیکی((هەزار))، لەم گوتەی سەرەوەدا واتای ژمارە (١٠٠٠) دەگەیەنێت.
+ واتای پراگماتیکی((هەزار))، لەم گوتەیەی سەرەوە، واتای هاوکاری و یارمەتیدان و پاڵپشتیکردن و پێزانین دەگەیەنێت.
+ کردەی قسەیی، کردەی مەبەست، پێزانین، سوپاسکردن، ستایشکردن دەگەیەنێت.

**- چاوی شەش و بێژە.**
+ واتای سیمانتیکی ((شەش و بێژ))، لەم گوتەی سەرەوەدا واتای ژمارە (٦ و ٥) دەگەیەنێت.
+ واتای پراگماتیکی ((شەش و بێژ ))، لەم گوتەیەی سەرەوە، واتای ئەوەی چاوێکی لەچاوێکی کزترەو چاوی شتەکان باش نابینێت و تێکەڵ وپێکەڵیان دەکات و کەمایەتییەک لەچاوەکانیدا هەیە و پێویستی بەچارەسەرە.
+ کردەی قسەیی، کردەی مەبەست، تانەلێدان، پلارو توانج، بەکەم سەیرکردن و...هتد. دەگەیەنێت.

**- لەسەد ئاوی داوەو قولەپێی تەڕ نەبوە.**
+ واتای سیمانتیکی ((سەد))، لەم گوتەیەی سەرەوەدا واتای ژمارە (١٠٠) دەگەیەنێت.
+ واتای پراگماتیکی ((سەد))، لەم گوتەیەی سەرەوە، واتای شارەزایی و کارامەیی و لێهاتویی و لێزانی دەگەیەنێت.
+ کردەی قسەیی، کردەی مەبەست، ستایشکردن، ئاگادارکردنەوە، پیاهەڵدان دەگرێتەوە.

**- ناوچەوانەکەی سێزدەیە.**
+ واتای سیمانتیکی((سێزدە))، لەم گوتەی سەرەوەدا واتای ژمارە (١٣) دەگەیەنێت.
+ واتای پراگماتیکی((سێزدە))، لەم گوتەیەی سەرەوە، واتای بەدبەختی ونەهامەتی وماڵ وێرانی دێت.
+ کردەی قسەیی، کردەی مەبەست، نارەزایەتی، گلەیی، ئاگادارکردنەوە، وروژاندن، دەگەیەنێت.

**- دو شەشتە.**
+ واتای سیمانتیکی((دو ، شەش))، لەم گوتەی سەرەوەدا واتای ژمارە دو جار شەش دەگەیەنێت.
+ واتای پراگماتیکی((دو، شەش))، لەم گوتەیەی سەرەوە، واتای بەختی باش و چاک و سەرکەوتن و بەدەستهێنانی دەستکەوتی باش دەگەیەنێت.
+ کردەی قسەیی، کردەی مەبەست، ستایشکردن، پیاهەڵدان، پێزانین، وروژاندن، بیرهێنانەوە، دەگەیەنێت.

**- پەنجا جارم تەلەفۆن بۆکردی.**
+ واتای سیمانتیکی((پەنجا))، لەم گوتەی سەرەوەدا واتای ژمارە (٥٠) دەگەیەنێت.
+ واتای پراگماتیکی ((پەنجا))، لەم گوتەیەی سەرەوە، واتای ئەوەی زۆرم تەلەفۆن بۆکردی تۆ ئاگات لە تەلەفۆن نییە، بەئەنقەست وەڵام نادەیتەوە، یاخۆت بەگەورە دەزانی یان خەڵک بەکەم دەزانی، جارێکی تر تەلەفۆنت بۆ ناکەم.
+ کردەی قسەیی، کردەی مەبەست، لەم وتەیەی سەرەوە گلەیی، نارەزایی دەربڕین، سەرزەنشتکردن، ئاگادارکردنەوە، هەڕەشە دەگەیەنێت.

**- هەژدە هەژدە قسەدەکات.**
+ واتای سیمانتیکی ((هەژدە، هەژدە))، لەم گوتەی سەرەوەدا واتای ژمارە (١٨، ١٨) دەگەیەنێت.
+ واتای پراگماتیکی ((هەژدە هەژدە))، لەم گوتەیەی سەرەوە، واتەی ڕادە (زۆر) و لەسەر یەک قسەکردن و خۆی واپێشاندەدات کە کەسێکی زانایە و بوارنەدان بەکەسی بەرامبەر، بۆئەوەی ئەویش لەنۆرەی خۆی قسەبکات.
+ کردەی قسەیی، کردەی مەبەست، ستایش، تانەلێدان، مەدحکردن، سەرزەنشتکردن، ئاگادارکردنەوە، دەگەیەنێت.

**- لەلای ئەو شازدەی مانگە.**
+ واتای سیمانتیکی ((شازدە))، لەم گوتەی سەرەوەدا واتای ژمارە (١٦) دەگەیەنێت.
+ واتای پراگماتیکی((شازدە))، لەم گوتەیەی سەرەوە، واتای بێئاگایی و نەزانی و نەشارەزایی و کەمی زانیاری دەگەیەنێت.
+ کردەی قسەیی، کردەی مەبەست، توانج لێدان، بێ بایەخکردن، سوککردن، دەگەیەنێت.

**- بێ سێ و دو وەڵامی دایەوە.**

+ واتای سیمانتیکی((سێ، دو))، لەم گوتەی سەرەوەدا واتای ژمارە(٣، ٢) دەگەیەنێت.
+ واتای پڕاگماتیکی((سێ، دو))، لە گوتەیەی سەرەوە، واتای بێوەستان و تێفکرین و بیرکردنەوە و بەخێرای وەڵامی داوەتەوە، ئەمجۆرە وەڵام دانەوەیە خاوەنەکەی توشی هەڵەدەکات.
+ کردەی قسەیی، کردەی مەبەست، ناڕەزایەتی، بێڕێزی و سوککردن، ئاگادارکردنەوە، دەگەیەنێت.

**- دو ڕو. ــ دو زمان.**
+ واتای سیمانتیکی ((دو))، لەم گوتەی سەرەوەدا واتای ژمارە (٢) دەگەیەنێت.
+ واتای پڕاگماتیکی ((دو))، لەم گوتانەی سەرەوە، بەواتای کەسێک لەلای تۆ قسەیەک دەکات ولەلای یەکێکی تر قسەیەکی دژی ئەمە دەکات و قسەی کەسەکان بۆیەکتری دەگێڕێتەوە، بۆ دروستکردنی ئاژاوەو دوبەرەکی لەنێوان تاکەکان، کە ئەمەش یەکێکە لەسیفاتە زۆرخراپەکانی ناو کۆمەڵگا.
+ کردەی قسەیی، کردەی مەبەست، گلەیی و ناڕەزایەتی، بەکەمزانین، وروژاندن، سەرزەنشتکردن، بێڕێزی دەگەیەنێت.

**- شەستە باران.**
+ واتای سیمانتیکی ((شەست))، لەم گوتەی سەرەوەدا واتای ژمارە (٦٠) دەگەیەنێت.
+ واتای پڕاگماتیکی((شەست))، لەم گوتەیەی سەرەوە، واتای بارانی بەخوڕو بەلێزمەو دڵۆپەئاوی گەورە و دروستبونی لافاو دەگەیەنێت.
+ کردەی قسەیی، کردەی مەبەست، ئاگادارکردنەوە، پیاهەڵدان، ستایشکردن.

**- نۆکەک بە نۆ پارو دەخوات.**
+ واتای سیمانتیکی ((نۆ))، لەم گوتەی سەرەوەدا واتای ژمارە (٩) دەگەیەنێت.
+ واتای پڕاگماتیکی ((نۆ))، لەم گوتەیەی سەروە، واتەی خۆ بەزلزانی ودەسەڵات و خاوەن سەرمایە دەگەیەنێت.
+ کردەی قسەیی، کردەی مەبەست، ستایشکردن، وروژاندن، لەخۆبایبون، ئاگادارکردنەوە، بەکەم سەیرکردنی بەرامبەر، دەگەیەنێت.

**- قسە هەزارە دوانی بەکارە.**
+ واتای سیمانتیکی ((هەزار، دو)) لەم گوتەی سەرەوەدا واتای ژمارە (١٠٠٠ ، ٢)، دەگەیەنێت.
+ واتای پڕاگماتیکی ((هەزار))، لەم گوتەیەی سەروەدا، زۆر قسەکردنێکی زۆرو بێسود وبێمانا، ((دو))، بەواتای ئەوەی لەناو ئەو هەمو قسانە دو قسەیان پەیوەندی بەبابەتەکەوە هەبوەو ئەوانیتر هەمو زیادبوین.
+ کردەی قسەیی، کردەی مەبەست، ئاگادارکردنەوە، سەرزەنشتکردن، بێزاری وناڕەزایەتی، زۆر وتن، وەرزبون، توانج لێدان. هەستدەربرین بەخراپ،

**- سێ سێ دەگرێ باینجان.**
+ واتای سیمانتیکی((سێ، سێ))، لەم گوتەی سەرەوەدا واتای ژمارە (٣) دەگەیەنێت.
+ واتای پڕاگماتیکی((سێ، سێ))، لەم گوتەیەی سەروەدا، بەواتا زۆری باشی وبەرەکەت، دێت.
+ کردەی قسەیی، کردەی مەبەست، ستایشکردن، پیاهەڵدان، بەختی باش، وروژاندن، هەستدەربڕین، پێزانین، بیرهێنانەوە، وروژاندن.

**- چواردە چەناغە.**
+ واتای سیمانتیکی((چواردە))، لەم گوتەی سەرەوەدا واتای ژمارە (١٤) ، دەگەیەنێت.
+واتای پڕاگماتیکی((چواردە))، لەم گوتەیەی سەروەدا، بەواتای زۆربڵێی و بوارنەدان بە کەسی بەرانبەرو بێزارکردنی خەڵکی.
+ کردەی قسەیی، کردەی مەبەست، ئاگادارکردنەوە، توانجلێدان، هەستدەربڕین، سەرزەنشتکردن، بە نەرێنی، بەکەم سەیرکردن، وروژاندن.

**- ڕەمەزانی بەحاڵێکی خۆش گرتوە نۆرەی شەشەڵانە.**
+ واتای سیمانتیکی((شەش))، لەم گوتەی سەرەوەدا واتای ژمارە (٦)، دەگەیەنێت.

+ واتای پراگماتیکی((شەش))، لەم گوتەیەی سەروەدا، بەواتای نەتوانین و بێدەسەڵاتی و کەمتەرخەمی وگوێپێنەدان.
+ کردەی قسەیی، کردەی مەبەست، توانج لێدان، سوکایەتی، سەرزەنشتکردن، وروژاندن، هەستدەربڕین بە نەرێنی.

**- سەگی هار تەمەنی چل ڕۆژە.**
+ واتای سیمانتیکی ((چل))، لەم گوتەی سەرەوەدا واتای ژمارە (٤٠)، دەگەیەنێت.
+ واتای پراگماتیکی ((چل))، لەم گوتەیەی سەروەدا، بەواتای ئەوەی تاوانکردن ماوەکەی کورتەو کەسی تاوانبار زو بەسزای خۆی دەگات ودوای هەموناخۆشییەکیش خۆشیدێت.
+ کدەی قسەیی، کردەی مەبەست، ئاگادارکردنەوە، سەرزەنشتکردن، وروژاندن، هەستدەربرین بەخراپ، توانجلێدان.

**- سفر بەدەستە. کابرای کرد بە سفر**
+ واتای سیمانتیکی ((سفر))، لەم گوتەی سەرەوەدا واتای ژمارە (سفر)، دەگەیەنێت.
+ واتای پراگماتیکی ((سفر))، لەم گوتەیەی سەروەدا، بەواتای ئەوەی هیچی تێدا نەمایەوە.
+ کردەی قسەیی، کردەی مەبەست، ئاگادارکردنەوە، وروژاندن، هەستدەربڕین بەخراپ، توانجلێدان.

**- چوار شانەیە**
+ واتای سیمانتیکی ((چوار))، لەم گوتەی سەرەوەدا واتای ژمارە (چوار)، دەگەیەنێت.
+ واتای پراگمارتیکی ((چوار))، لەم گوتەیەی سەروەدا، بەواتای ئەوەی گەورەو بەهێزە.
+ کردەی قسەیی، کردەی مەبەست، ئاگادارکردنەوە، وروژاندن، هەستدەربڕین، زیادەڕۆیی.

**٢-٣: خستنەڕو و وشیکردنەوەی داتاکان**

لەم لێکۆڵینەوەیەدا بیست و چوار نمونەمان بۆ ئەو ژمارانە هێناوەتەوە کە واتایەکی دیاری پراگماتیکییان لە زمانی کوردیدا هەیە، کە تێیدا نۆزدە ژمارە جیاوازمان وەرگرتوە، لەسەر بنەمای ئەوەی کە ئەم نۆزدە ژمارە لە دیارترین ئەو ژمارانەن کە کردەی جیاوازی قسەییان پێ دەگەیەنرێت. لەم چارتەی خوارەوەدا ژمارەکان ڕێژەی دوبارەبونەویان پیشان دراوە.




شێوەی ژمارە (١)

ژمارە بەکارهاتوەکان و چەندجارەی دوبارەبونەوەیان

لەم ئامارەی سەرەوە و بەپێی ئەو نمونانەی کە لەم توێژینەوەیدا شیکراونەتەوە دەگەینە ئەم ڕاستیانەی خوارەوە:

١- نۆزدە ژمارە دەتوانن کردەی قسەیی جیاواز پیشان بدەن، سەرباری ئەوەی کە بەکارهێنانە سیمانتیکییەکەی خۆشیان هەیە، بەڵام لە هەمان گوتندا مەبەستە پراگماتیکییەکە زاڵ دەبێت و بیر بۆ بەکارهێنانە سیمانتیکییەکە ناچێت.

٢- ژمارە یەک ڕەنوسییەکان واتە لە سفر تا نۆ زۆرترین بەکارهێنانی پراگماتیکییانەیان هەیە بەجۆرێک بەپێی داتای توێژینەوەکە جگە لە هەشت هەمو ژمارەکانی تر بەکارهاتون.

٣- لەگەیاندنی واتای پراگماتیکدا ژمارە بنجییە سادەکان واتە یەک تا نۆ لەگەڵ ژمارە سەرگرییەکان زۆر چالاکترن، لەکۆی ئەو حەڤدە ژمارەیە حەوتیان ژمارەی بنجی سادە و شەشیان ژمارەی بنجی سەرگرێن.

وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، ژمارەکان جگە لەواتا فەرهەنگییەکان واتای پراگماتیکیش دەگەیەنن، کە لەم توێژینەوەیدا بە پێی تیۆری کردە قسییەکان کردەی هەریەک لە ژمارەکان شیکراوەتەوە و ئاماژەی پێکراوە، کە بەشێوەیەکی گشتی ئەو ژمارانەی وەرمان گرتون بیست کردەی مەبەستیان تێدابوە، ڕێژەی کردەکان جیاواز بوە، وەک لەم چارتەی خوارەوە ڕێژەی هەریەک لە کردەکان پیشان دراوە:




شێوەی ژمارە (٢)
كردەیی قسەیی دەركەوتو و ڕێژەی بەكارهێنانی

وەک لە چارتەكەوە بۆمان ڕوندەبێتەوە كە كردەی ستایشكردن لە هەمو كردەكانی تر زیاتر لە بەكارهێنانە پڕاگماتیكییەكاندا دوبارە دەبێتەوە. بەدوای ئەودا كردەی ئاگاداركردنەوە و دواتریش كردەی وروژاندن و بەدوای ئەویشدا توانج لێدان و دواتر بەڕێیەندی هەریەک لە كردەكانی سەرزەنشتكردن و سوككردن و بێبایەخ كردن دواتر گلەیی و ناڕەزایی و هەست دەربڕین بەخراپ و كەم سەیركردن و پێزانین و ناڕەزایی و بیرهێنانەوە و تەعنەلێدان و مەدحكردن و هەڕەشە و لەخۆباییبون و سوپاسكردن و شارەزایی و جەختكردنەوە و دڵنیاكردنەوە، دێن. لێردا دەبێت ئەوەش بگوترێت، كە هەندێک لە ژمارەكان زیاتر لە كردەیەک پیشان دەدەن بۆیە بەكۆی گشتی ژمارەی كردەكان لە ژمارەكان زیاترن.

**ئەنجام**

١- وشەکانی ژمارە، جگە لەگەیاندنی واتای ئەبستراکتی ژمارە، واتای پراگماتیکیشیان هەیە، هەرکاتێک بەدەوروبەرەوە دەبەسترێنەوە واتای جۆراوجۆر دەگەیەنن، کە مەبەست لێی واتا فەرهەنگییەکە نەبێت، ئەوا لە چوارچێوەی پراگماتیک لێکدەدرێنەوە.
٢- ژمارەکان خاوەن هێزی ڕەوانبێژی تایبەت بەخۆیانن قسەکەر بەپێی مەبەستی دیاریکراوی خۆی بەکاریاندەهێنێت، گوێگریش بۆ لێکدانەوەو دیاریکردنی مەبەستی قسەکەر پشت بەو پاشخانە زمانییەی هەیانە دەبەستێت.
٣-واتای پراگماتیکی ژمارە، زۆر هاوکاری قسەکەر دەکات لە کاتی پەیوەندیکردن، بەوەی وزەی کەم سەرف دەکات و بە گوتنێکی کەم واتایەکی زۆر دەبەخشێت و هەروەها هاوکارە بۆ تێگەیشتن و سەرکەوتنی کردەی پەیوەندیکردن.
٤- بەپێی داتای توێژینەوەکە لە زمانی کوردیدا حەڤدە ژمارەی جیاواز دەتوانن بەشداربن لە گەیاندنی بیست کردەی قسەیی جیاواز. بەجۆرێک ژمارە بنجییەکان زۆرترین دوبارەبونەوەیان هەیە و بەجۆرێک ژمارە یەک و سێ لەناو ژمارەکانی تریشدا هەزار لە هەمویان زیاتر دوبارە دەبێتەوە.
٥- ژمارەکان لەکاتی گەیاندنی هەر کردەییەکی قسەییدا، واتا سیمانتیکییەکەیان ون، دەبێت و قسەکەر و گوێگر بیریان بۆ ئەم واتایە ناچێت. هەریەکەیان کردەیەک یان زیاتر پیشاندەدات.
٦- بەشێک لەو کردانەی کە هەریەک لە ژمارەکان دەیگەیێنێت، پەیوەندی بە پاشخانی کلتوری و بیروباوەڕی قسەپێکەرانی زمانی کوردییەوە هەیە، دەشێ دونیابینی تاکی کورد لەم ڕێگەیەوە بخوێنینەوە.

## پوختە

ئەم لێکۆڵینەوەیە بەناونیشانی، (شیکردنەوەی کردە قسەییەکانی (ژمارە) لەئاخاوتنی قسەپێکەرانی زمانی کوردیدا). لەزماندا وشەکان جگە لەو واتا فەرهەنگییەی هەیانە، کاتایک دەبەسترێنەوە بەدەوروبەرەوە یان لەدەوروبەرێکی تایبەتی بەکاردەهێنرێن، جگە لە واتا فەرهەنگییەکەی هەیانە واتایەکی پراگماتیکیشیان هەیە. لەکاتی پەیوەندیکردندا قسەکەر زۆر جار لەبەر هەرهۆکارێک بێت پەنا بۆ واتا پراگماتیکییەکە دەبات و ئەوی مەبەستە. ژمارەش یەکێکە لەوبابەتانەی، جگە لەگەیاندنی واتای ژمارە، لەکاتی قسەکردندا و لەدەوروبەری تایبەتیدا واتای جیا جیا دەگەیەنێت. قسەپێکەری زمانی کوردیش بۆ پرکردنەوەی ئەو کەلێنە واتاییە لەجاتی ئەوەی پەنا بۆ داڕشتنی وشەی تر ببات، بەهۆی وشەکانی ژمارەوە ئەم واتایانەی مەبەستیەتی دەیگەیەنێت. لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵمانداوە ئەو واتایانە دیاری بکەین و پەیوەست بەتیۆری کردە قسەییەکان شیکردنەوەیان بۆ بکەین. لێکۆڵینەوەش لەدو بەش و ئەنجام پێکهاتوە، بەشی یەکەم تیۆرییەو باس لە تیۆری کردەقسەییەکان دەکات وبنەمای تیۆرەکەو پرانسیپەکانی شیکردۆتەوە، بەشی دوەم پکتیزەکردن و شیکردنەوەی ژمارەیە لەقسەی ڕۆژانەی قسەپێکەری زمانی کوردی و دیاریکردنی واتای پراگماتیکی.

## سەرچاوەکان


**بەزمانی کوردی**

- ئاورەحمانی مارف حاجی، ٢٠٠١، ڕێزمانی کوردی وشەسازی (ناو، جێناو، ئاوڵناو، ژمارەوئاوڵکردار، کردار)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- بابا ڕەسوڵ نوری ڕەسوڵ ٢٠١٢، پێکهاتەی ژمارە لە زمانی کوردیدا، بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- پەروەر عبدالرحمن صالح، ٢٠١٣، هەندێ لایەنی کۆمەڵایەتی پراگماتیک(زمانی بواری پزیشکی بەنمونە)، نامەی ماجستێر، زانکۆی سەڵاحەددین.
- پەروین عوسمان مستەفا، ٢٠١٩، شیکردنەوەی کردەقسەییەکان لەگفتوگۆکانی پەرلەمانی کوردستان لەڕوی ڕەگەزەوە، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سۆران.
- حەمید عزیز،٢٠٠٥، سەرەتایەک لەفەلسەفەی کلاسیکی یۆنان، چاپی دوەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.
- جۆرج یول، مەبەستناسی(پراگماتیک)، وەرگێرانی ڕەحیم سورخێ، ٢٠١٦، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران.
- سالم حەسەن عەزیز و ئاریان صدیق عەزیز٢٠١٩، مۆرفۆلۆژی و سینتاکسی ژمارە لە زمانی کوردیدا، پێنجەمین کۆنفرانسی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی گەرمیان.
- قەیس کاکل تۆفیق، ١٩٩٥، جۆرەکانی ڕستەو تیۆری کردەقسەییەکان، نامەی ماجستێر، زانکۆی سەڵاحەددین.
- محمد معروف فتاح، ٢٠١١، زمانەوانی، چاپی سێیەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

**بە زمانی فارسی:**

- ارسلان گلفام (١٣٨٩)، اصول دستور زبان، چاپ سوم، سازمان مطالعه و تدوين كتب علوم انسانى دانشگاهها، (سمت)، تهران
- آسيه ذبيح نياعمران، فريبا قيومى زاده١٣٩٦، بررسى كاربرد اعداد يک تا پنج در افسانه‌هاى مكتوب ايرانى، فصلنامه پژوهش هاى ادبى و بلاغى، سال پنجم، شماره ١٨.
- اعظم استاجى١٣٨٨، بررسى مميزهاى عدد در زبان فارسى، مجله تخصصى زبانشناسى گويشهاى خراسان، دانشكده ادبيات و علوم انسانى مشهد. شماره ١ پاييزو زمستان.
- خسرو فرشيدورد ١٣٨٢، دستور مفصل امروز بر پايهء زبانشناسى جديد، چاپ اول، انتشارات سخن، تهران.
- شهرام دوكوهكى١٣٨١، گستره معنايى شماره واژگان در زبان فارسى، مجله علوم اجتماعى و انسانى دانشگاه شيراز، دوره هيجدهم، شمار اول، پياپى (٣٥).
- محمود صادق زاده١٣٩٢، بررسى كاربرد معنايى و ادبى عدد هفت و چهل در مثنوى معنوى، نشريه ادب و زبان، دانشكده ادبيات و علوم انسانى دانشگاه شهيد باهنر كرمان، سال ١٦، شماره ٣٤.
- مجتبى نامور فرگى، شيما ابراهيمى١٣٩١، بررسى چگونگى پيدايش و تغيير اعداد در زبان فارسى از ديدگاه زبانشناسى، مجموعه مقالات دانشگاه علامه طباطبايى، شماره ٢٨١.

**بەزمانی عەرەبی**

- خلوفى قدور،٢٠١٥، مستويات الافعال الكلامية فى الخطاب القرانى سورة الكهف انموذجا، جامعة وهران الجزائر.
- فرانسواز ارمينكو،١٩٨٦، المقاربة التداولية، ترجمة سعيد علوشى، مركز الانماء القومى، الرباط، طبعة الاولى.

**بەزمانی ئینگلیزی**

-Stephan C. Leninsone,١٩٨٣,pragmatics,Cambridge university press.
-Adrian Akmajian, Richard A.Demers, ١٩٩٧, Linguistics, Fourth edition, the MITpress,Cambridge Massachusetts.
-Austin,J.L.,١٩٦٢, How to do things with words, Cambridge,Harvard university press.
-Searle,J.,١٩٧٥,Indirect speech act, in peter cole and jerryL. Morgan(eds),syntax and semantics,volum٣:speech acts ,Academic press.
-Danial,ch.,٢٠٠٧,semiotics,Routedge:New yourk.

Abstract

This research is entitled (The Analysis of ' Number' Speech Acts in Kurdish Speakers' Discourse". In language, in addition to their denotations, words have other context-related or pragmatic meanings. Speakers, for one reason or another, often resort to these indirect or pragmatic meanings. Numbers, according to context of use, apart from their denotations, convey different connotations or contextual meanings. Kurdish speakers, in order to fill this gap, i.e. instead of constructing other words, use the number words to convey the intended meaning. This research is an attempt to identify such meanings and to analyze them in the light of the speech act theory. The research consists of two parts and the findings (the results). The first part is a theoretical background about the speech act theory including an analysis of its principles. The second part comprises the practical aspects including the analysis of the use of numbers in the everyday conversation of Kurdish speakers and identifying their pragmatic meanings.